# ساعید وەتەندووست: ئەوەی بە ناوی حیزبی کۆمۆنیست ناوی لێ دەبردرێ، هەمان کۆمەڵەیە

**خالید محەممەدزادە**


ساعید وەتەندووست

ئەندازیار ساعید وەتەندووست یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دیارترین کەسایەتیی ڕەخنەگری نێو ئەم حیزبە، لەم چاوپێکەوتنەدا تیشک دەخاتەسەر بۆچوونەکانی خۆی و زۆرێک لەو کادرانەی کە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک ئەو بیردەکەنەوە، هەرچەند دەڵێ: "هەوڵدراوە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەستمان بە ئۆرگانەکانی ڕێبەری نەگا". دواتر دەڵێ: "ئێمە لەمەوبەدوا شتەکانی خۆمان بە ڕوونتر باس دەکەین". ئەو لە هەمان کاتدا ڕەخنەی توند لە حیزبی کۆمۆنیست دەگرێ و وەک حیزبێکی ناکارا باسی دەکا. ئەمە لەپاڵ ئەوەدا کە پێیوایە لە کوردستانیش حیزبی کۆمۆنیست بە کۆمەڵەوە ناسراوە.

**ئێوە کاتی خوی نامەیەکتان بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕەخنەی توند لە حیزبی کۆمۆنیست دەگرن. مەبەست لەو نامەیە کە کاتی خوی وەک 7 کەس لە کادرەکانی کۆمەڵە بڵاوتانکردەوە چ بوو؟**

- بەدوای ئینشعابێک کە لەنێو حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەدا پێکهات، فیکری ئەوەی کە لە خۆمان بپرسین بەرەو کوێ دەچین، دەمێک بوو هاتبووە گۆڕێ، نەک هەر لەلایەن ئێمەوە، بەڵکو لەلایەن مەجموعەیەک لەو کەسانەی کە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا مابوونەوە. بە چوونەدەرەوەی جەریانی کۆمۆنیستی کرێکاری بە ڕێبەری مەنسوری حیکمەت، لەنێو تەشکیلاتی کۆمەڵە ئەم پرسیار مەترەح بوو کە بەرەو کوێ دەچین و کامە قالب و کامە زەرف وەک جوابدانەوە بە وەزعیەتی ئەو کاتی ئێران و کوردستانیش پێویستە؟ ئەم فیکرە هەر لەنێو ئێمەدا وردەوردە قسەی لەسەر کرا تا ئەوەی ئینشعابێکی تر لە کۆمەڵەدا ڕوویدا کە مەجموعەیەک لە هاوڕێیانی قەدیمیمان لە کۆمەڵە جیابوونەوە و تەشکیلاتێکی دیکەیان دروست کرد و چوونەوەسەر ناوە قەدیمییەکەی کۆمەڵە کە سازمانی ئینقلابی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو. ئەو ناوەیان بۆ خۆیان هەڵبژارد. ئەم فیکرەی ئێمە هەر بوو، بەڵام لە تەپوتۆز و هەرا و هەنگامەیەک کە ئەوکات سازکرابوو تەرحی ئەم مەسەلەیە لە خودی کۆنگرەی 9 یشدا ڕەنگدانەوەی بوو (کۆنگرەیەک ئەوان لێی جیابوونەوە). لەو تەپوتۆز و هەرا و هەنگامەدا نەدەکرا هەموو شتێک باس بکرێ، لەبەر ئەوە مانەوە و پاراستنی چەپ بۆ کۆمۆنیستەکان لە کوردستاندا هەدەفی ئێمە بوو. دوای ئەوە ئەم نەزەرە خەڵکی تریشی لێ کۆبووەوە؛ بەو نەتیجە گەیشتین کە باشتر ئەوەیە ئێمە نەزەراتی خۆمان بە شێوەی نووسراوەیەک مەترەح بکەین کە خەڵک لە دەرەوە و لە ناوەوەی تەشکیلاتەکەمان بزانێ ئێمە چۆن بیر دەکەینەوە.

**ئەم نووسراوەتان بۆ بە زمانی فارسی بڵاو کردەوە؟ بۆ بە کوردی بڵاوتان نەکردەوە؟**

- ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە ئاشنایەتی ئێمە و ڕەفیقەکانمان لە ئێران زیاتر بە زمانی فارسییە تا کوردی. چونکە هەدەفی ئێمەش ئەوە بوو کە خەڵکی غەیرە کوردیش لێمان تێبگەن. خەڵکیش لە کوردستانی ئێران هەم لە فارسی تێدەگەن و هەم لە کوردییش. بەڵام خەڵکی غەیرە کورد لە دەرەوەی کوردستان بەتایبەت چەپ لە ئێران بە فارسی لێمان تێدەگا و هەدەفمان ئەوە بوو کە ئەمە بگەیەنین بە گوێی هەموو کەسێک.

**کاک ساعید، ئەم نامەیە کە دەخوێنیتەوە هەست دەکرێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زۆر شپرزەیە؛ حیزبێکە کە دیموکراسیی تێدا نییە، ساختارەکەی داخراو و سکتاریستی وێنا کراوە و زۆر شتی دیکە. ئێوە کە بەو شێوەیە پێناسەی ئەم حیزبە دەکەن، چۆن تا ئێستا تێیدا ماونەتەوە؟**

- هەروەک گوتم، من خۆم ئامانجم ئەوە بوو کە یەکێتیی چەپ و کۆمۆنیستەکان بەرنەدەم. هیچ حیزبێکیش پەیدا ناکەی کە دوور بێ لە کەموکوورِی. لەبەر ئەوە ئێمە تا ئەو کاتە لە باری فیکری و ئایدۆلۆژییەوە هەست بە جیاوازی نەکەین دەتوانین لەو حیزبەدا بمێنینەوە و هەوڵ بدەین نەزەراتی خۆمان مەترەح بکەین. چونکە ئێمە پێمان وایە مەجموعەی ئەو کەسانەی کە ماونەتەوە لە حیزبی کۆمۆنیستدا و هەوڵیانداوە بۆ ئەو جەریانە، هەموویان کۆمەڵەن. ئێمە پێویستمان بەوە بوو کە ئەو ڕەفیقانەی ئێمە بزانن کە ئێمە لەپاڵ دەست ئەوانین و ئامانجمان ئەوە نییە کە شتێکی جیاواز دروست بکەین، لەبەر ئەوە ئەو جیاوازیانە ئەگەر خزمەتێک بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنستی لە کوردستان و ئێران نەکا ئیتر لە ئامانجی خۆی دوور دەکەوێتەوە. مانەوەی ئێمە تا ئێستا زەرەری نەداوە لە ئێمە و زەرەریشی نەداوە لە کۆمەڵە. بەڵکو پێمان وایە قازانجیشی کردووە.

**تۆ دەڵێی ئێمە نامانەوێ یەکێتیی چەپ و کۆمۆنیست تێک بدەین، پێتوایە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانێ ئەو یەکێتییە پێکبێنێ؟**

- ئەوەی بە ناوی حیزبی کۆمۆنیست لە ئێران ناوی لێدەبرددرێ هەمان کۆمەڵەیە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک تەشکیلات تەنیا کۆمەڵەی هەیە. هەموو کادرەکانیشی ئەوانەن کە کۆمەڵەن.

**ڕۆژی یەکەمیش کە دامەزرا هەروا بوو؟**

- ڕۆژی یەکەم کە کۆمەڵە دامەزرا و ئەوەندەی من دامەزرێنەرانی ئەو دەورانە بناسم هەمووی هەر کۆمەڵە بوون.

**واتە کەسی غەیرە کوردی لەگەڵدا نەبووە؟**

- لە دامەزرێنەران من لە بیرم نییە کەسی لەگەڵ بووبێ، بەڵام ئەوە هیچ کات شەرت نەبوو. چونکە فیکری کۆمەلە فیکرێکی میللی نییە. ئەوە نییە کە خۆی لە چوارچێوەی میللەتێک قەتیس بکا. ئێمە ئێستا کادری وامان هەیە کە ڕەنگە سی ساڵیش لەگەڵ کۆمەڵە بووبێ؛ مەسەلەکە ئەوە نییە کە کوردە یان غەیرە کوردە. مەسەلەکە ئەوەیە کە چون بۆ بیر و باوەڕی کۆمەڵە تێدەکوشێ.

**بەڵام ئێستا ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیست یان ئەوانەی کە ئێستا لە حیزبی کۆمۆنیستدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە کۆمەڵە بە بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیست ناودەبەن، بەڵام من وا تێدەگەم کە تۆ دەڵێی حیزبی کۆمۆنیست هەر کۆمەڵەیە، ئەمە چونە؟**

- من زۆر زۆر خۆشحاڵ دەبم کە ئەو کەسانەی وا بیر دەکەنەوە، بەشەکانی دیکەی حیزبی کۆمۆنیست بە ئێمە نیشان بدەن.

**تو پێتوایە جگە لە کوردستان حیزبی کۆمۆنیست ڕێکخراوی تری نییە؟**

- لە دەرەوەی وڵات ڕێکخراوێک هەیە کە هەموو کادرەکانی کۆمەڵەن. مەبەستی من کورد و غەیرە کورد نییە. ئەو باسە لەلایەن منەوە ئیعتباری نییە، بەڵام دەزانم ئەوانەش کە هاتوون و کاریان کردووە لە چوارچێوەی ئەم تەشکیلاتە بە ئیعتباری کۆمەڵە و بە بۆچوونی کۆمەڵە و بە ڕێوشوێنی کۆمەڵە هاتوون کاریان بۆ کردووە.

**کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە ئێستا حیزبێک بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوونی نییە؟**

- ئەگەر وەڵامی ئەوە بدەینەوە کە بوونی هەیە یا بوونی نییە دەبێ بزانین چی تەعقیب دەکەین؟ بە باوەڕی من و بەنا بە تەئیدی بەشێک لە هاوڕێیانی ئێمە کە ئێستا لە ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش هەن ئەم حیزبە تەشکیلاتێکی وای لە دەرەوەی کۆمەلە نییە. لانیکەم من نەم بیستووە و نەمدیوە.

**کاک ساعید، تۆ خۆت پێتخۆشە وەک ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیست بناسرێی یان کۆمەڵە؟**

- من ئەندامی کۆمەڵەم بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی بەرنامە و ئەساسنامە جوابێکی مەنفی بدەمەوە نازانم دواجار چیم بەسەردا دێ! بەڵام بەنا بە تەعریف ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانم.

**باشە کاک ساعید دەتوانێ کۆنکرێت بڵێی ڕەخنەکانی ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چییە؟**

- ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران حیزبێکی فەعال بێ، خاوەن تەشکیلات بێ، کادری خوی هەبێ، تەئسیرگوزار بێ لە موبارزاتی ئێراندا، لەوانەیە ڕەخنەیەکی وامان نەبێ. بەڵام ئەگەر نەبێ تەواوەتی ئەو حیزبە بۆ ئێمە دەکەوێتەژێر پرسیار. ئەگەر حیزبێک لەدوای 25 ساڵ لە تەمەنی خۆی نیشانی نەدا کە لەنێو کۆمەڵگەیەکدا کە دیاری کردووە بۆ تێکۆشان چ ڕۆڵ و دەورێکی هەیە ئیتر ئەوە من نیم دەبێ جواب بدەمەوە. ئەوە دەبێ ڕێبەرانی حیزب وەڵام بدەنەوە.

**باشە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ هەڵسووڕ نییە؟**

- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەدوای ئینشعابی کۆمۆنیزمی کریکاری کە بەشێکی زۆری لە کادرەکانی کۆمەڵەی لەگەڵ خۆی برد و لە ئاکامدا بوو بە هۆی پەرتەوازەکردنی ئەوان کە بۆخۆشیان لە نیهایەتدا بوون بە چەندین حیزب، لە بوونی مەجموعەیەک ئینسانی هەڵسووڕی کۆمۆنیست کە دەیانتوانی کاری بۆ بکەن مەحروم کرا. ئەوەی کە مایەوە تەنیا کادرەکانی کۆمەڵە بوون، ئەوەی کە توانی کار بکا هەر ئەوان بوون و چوارچێوەی کاری هەر لە کۆمەڵە مایەوە. کەس نەبوو بۆ ئەوەی تێکۆشان بکا دەنا خەباتی کرێکاری و جەماوەری لە سەرتاسەری ئێراندا

هەر بووە. لە چەند ساڵی ڕابردوویشدا گەشەی کردووە. بەڵام تۆ کە ئینسانت نەبوو ئەو بیر و باوەڕەت بگوازێتەوە ئاکامەکەی دیارە کە چی بەسەر دێ.

**باشە ئەم ناکارابیە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کادر یان خودی بەرنامەکانی حیزبی کۆمۆنیست؟**

- من پێموایە نەبوونی کادر زۆر موهیممە. تۆ دەزانی ئەگەر باشترین فیکر و ئایدۆلۆژیی دنیاش ئەگەر لەسەر کاغەز بنووسرێ ئەمە نابێ بە هێز مەگەر ئینسانگەلێک هەبن کە ئەو شتە تەبلیغ بکەن. ئەگەر ئەوەت نەبوو حیزبەکەت نابێ بە حیزب. هیچ کات بەرنامە بە تەنیا نەیتوانیوە ببێ بە هێز.

**تو پێتوایە بەرنامەکانی حیزبی کۆمۆنیست واقیعیەتی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانە یان بەرهەمی بیرکردنەوەی کۆمەڵێک کادر و کەسایەتی سیاسییە؟**

- من پێموایە ئەمڕۆ پێویستیمان بەوە هەیە کە بە بەرنامەدا بچینەوە. هەروەک چون کۆمەڵگەی ئێران لە حاڵی گۆڕان و گەشەکردندایە و لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسیدا قەراری گرتووە، جێی خۆیەتی ئێمەش وەک ئەو کەسانەی کە هەوڵدەدەن بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا جارێکی تر بچینەوە بە بەرنامەکەماندا. وا بزانم ئەوە تایبەتمەندیی مارکسیزمە کە ئەو گۆڕانکاریانە دوبارە جارێکی تر قسەی لەسەر بکەین. ئەگەر شتێکی تێدایە و پێمانوایە لەگەڵ واقیعیەتی ئەمڕۆی جامعەی ئێران نایەتەوە بە ڕای من دەبێ زۆر بە دڵاوایيەوە و بەو شێوەیە کە لە کۆمەڵە فێر بووین ئەو گۆڕانکاریانە پێکبێنین.

**پێتوایە بەرنامەی ئێستای حیزبی کۆمۆنیست پێویستی بە گۆڕان هەیە؟**

- من پێموایە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

**باشە کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئەم پێداچوونەوەیە لە حیزبی کۆمۆنیستدا چین؟**

- ئێمە تا ئێستا ئەوەمان مەترەح نەکردووە تا بزانین کۆسپێکمان هەیە یان نا. چونکە مەسەلەکەی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ بێین بەرنامەیەک دابڕێژین کە لە داهاتوودا چ تەئسیرێک لەسەر گۆڕانکارپییەکان و بزووتنەوەکە لە کوردستان و ئێران دابنێین. ئەگەر مەجالی ئەوەمان هەبێ باسی دەکەین. تا ئێستا من نەمدیوە کەسێک باسی کردبێ و مانعێک لەسەر ڕێگای بووبێ.

**کەواتە ئێوە لەنێو تەشکیلاتدا تا ئێستا بۆچوونەکانی خۆتان باس نەکردووە؟**

- ئەوەندەی پێمان کرابێ بۆچوونەکانی خۆمان باس کردوون. لانیکەم من لە چەند سیمینارێکدا دوای کونگرەی 9ی کۆمەڵە بەشداریم کردووە و ئینجا لە ئاخرین کۆنگرەشدا تا ئەو جێگایە مەجالم بووبێ قسەکانی خۆم کردوون.

**ڕەنگدانەوەی ئەم بۆچوونانەی ئێوە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا چۆنە؟** - جۆراوجۆر بەرخوردی پێدەکرێ، وەک هەموو شتێکی تازە. وەک هەر حەرەکەتێک کە خیلافی جەریانی ئاو بێ. دیارە بەرەوڕووی بۆچوونی جۆراوجۆر دەبێ یەکدەست نییە.

**کاک جەعفەر ئەمینزادە لە دیمانەیەکدا دەڵێ لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا خەت و چوارچێوەیەک هەیە فشار بۆ ئێمە دێنێ. ئەم خەت و چوارچێوانە کامەنەن؟**

- ئەمە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ مێژووییەک کە حیزبی کۆمۆنیست هەیەتی لە شێوە کارگەلێک لە جیهەتگیرییەک کە هەیە و بوونی هەیە و فشاردێنێ. هیندێک جاریش شێوەی حەزفی گرتۆتەبەر. تۆ بۆخوت دەزانێ لەنێو ئەحزابی سیاسیدا ئینشعابکردن و چوونەدەرەوە لایەک لە مەسەلەکەیە. لاکەی تری بریتییە لەوەی کە لایەنی بەرانبەر زەمینەیەکی وات بۆ فەراهەم بکا یان لە عەینی حاڵ بۆچونێکی وا زاڵ بکا یان بارودوخێکی وا زاڵ بکا کە ناچارت بکا بەو کارە. واتە مەسەلەکە دوو لایەنی هەیە.

**جیاوازیی ڕەخنەکانی ئێوە لەگەڵ ڕەخنەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کە کاتی خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستیان دەگرت چییە؟**

- من قسەی خۆم کاتی خۆی لە ڕادیۆی دەنگی شۆڕشەوە کردووە، بە دووروودرێژیش قسەم کردووە. بۆچوونی ئێمە لەگەڵ ئەوان یەک نین. ئەوان جیهەتێکی تر تەعقیب دەکەن. خۆشبەختانە ئەمڕۆ دوای چەند ساڵ لە جیابوونەوەی ئەوان لە کۆمەڵە، تەشخیسی ئەوەی کە ئەوان چۆن بیردەکەنەوە و ئێمە چۆن بیردەکەینەوە، زۆر ئاسانە.

**کەواتە بیرکردنەوەی ئێوە بیرکردنەوەیەکی کوردستانی نییە؟**

- فیکری کوردستانی بە چ مانا؟ بەو مانایە کە ئێمە تەنیا بەرژەوەندیی میللەتی کورد لەبەرچاو بگرین؟ نا! بەڵام فیکری ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە لە مەحدودەیەکی دیاریکراودا هێز و توانا و ڕیشەی کۆمەڵایەتی و سابیقە و ئینسانیی وامان هەیە و بۆچوونی وامان هەیە و نیشانمانداوە بەو مانایە دیفاع لە خەڵکی هەژار و فەقیری کوردستان بکەین، دیفاع لە کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بکەین مەحدودەیەکمان بۆ خۆمان دیاری کردووە. ئەمە فیکرێکی لە بنەڕەتی خۆیدا ئینتەرناسیۆنالیستییە، بەڵام مەحدودەی کاری سیاسیدا دیاریکراوە.

**واتە ئێوە هەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەمێننەوە لەژێر ناوی کۆمەڵەدا؟**

- ئەگەر کاتی خۆی ئەوە هاتەپێش دەبێ بەرنامەی خۆمان پێشکەش بکەین. بەکورتی، بۆخۆمان پێمان باشە و هەوڵی بۆ ئەدەین کە ئێمە ئەگەر ڕۆوژێک لە ڕۆژان لە سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە کوردستانی ئێران کە زەرفیەتی خۆی هەیە و بۆخۆی مێژوو و کردە و دەستکردی کەس نییە و فیکری کەس نییە بۆ ئەوە ئێمە چ ڕێگاچارەیەکمان هەیە؟ ئەوە ئێمە بیری لێ َدەکەینەوە لە داهاتوودا. هیوادارم لەو بابەتانەوە بتوانین ڕای خۆمان باس بکەین.

**حیزبی کۆمۆنیست ئەو مەجالە بە ئێوە دەدا کار بکەن بۆ ئەم ئەفکارە؟**

- تا ئێستا لەو بابەتەوە مانع لەسەر ڕێگای ئێمە دروست نەبووە. ڕاستە هەوڵدراوە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەستمان بە ئۆرگانەکانی ڕێبەریی نەگا. هەوڵدراوە کە فشارمان بۆ بێ. بەڵام مانعێکی ڕەسمی لەبەر پێی ئێمە نەبووە بۆ ئەوەی کە ئێمە کە نەتوانین بچینە نێو دەزگای ڕێبەریی کۆمەڵەوە. ئێمە هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی کە نەزەراتی خۆمان باس بکەین. لە دنیای ئەمڕۆشدا ئەگەر

کەسێک خەیاڵی ئەوە بکا کە مانعێکیش دروست بکا بۆ تەرحی نەزەراتی دیکە پێموایە لە هەڵەدایە. لەبەر ئەوە ئیمکاناتی بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی ئێمە لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە کە ئێستا بە چرکە دەچنە پێشێ و خەڵک زوو ئاگادار دەکرێن ئاسانە و ئێمەش دەتوانین ئەو کارانە بکەین؛ ئێمەش دەتوانین نەزەراتی خۆمان مەترەح بکەین. ئێمە دەتوانین هەوڵ بدەین بۆ بڵاوکردنەوەی دیدگاکانی خۆمان بەهۆی میدیاکان و بەهۆی ئینتەرنێتەوە.

**بۆچی ئێوە تا ئێستا بۆچوونەکانی خۆتان باس نەکردوە؟**

- ئێمە تا ئێستا پێمان وا بووە دەتوانین لە چوارچێوەی ئەم تەشکیلاتەدا ئەو مەجالە بەدەست بێنین بۆ نەزەراتی خۆمان و لەلایەکی دیکەش دەبێ ڕەخنەی توند لە خۆمان بگرین کە تا ئێستا خۆمان ئەو مەجالەمان بە خۆمان نەداوە. هەروەها ئێمە ئەو مانیعەی کە لە زەینی خۆماندا دروستمان کردووە و واقیعیشە بە باوەڕی من کە هەوڵ نەدەین بۆ ئەوەی کە لە جیبهەی چەپدا شکافێکی تر دروست بکەین، بۆیە ئەو کارەمان نەکردووە. بەڵام ئەمەش ناتوانێ تاسەر بێ. بۆیە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین نەزەراتی خۆمان هەرچی زیاتر لە ئیختیاری کاری خۆماندا قەرار بدەین.

**ئێستا ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خوتان بە کەمایەتی دەزانن یان...؟**

- ئەگەر مەفهومی کەمایەتی و زۆرایەتی بەڕادەی دەنگ بژمێردرێ یان ئەوەی کە پێمان دەڵێن کەمایەتییەکی زەعیفن لە کۆمیتەی مەرکەزیدا، ئەگەر بەپێی ژمارە دایبنێین ئەوە ڕاستە، بەڵام بە وەزن لەوانەیە کە ئەگەر ئێمە نەزەراتی خۆمان بەیان بکەین ڕەنگە دەرکەوتەیەکی دیکە بێتەگۆڕێ. هەمیشەش وا نەبووە کە نەزەری زۆرایەتی دروست بێ. کاتی خۆی کە ئینشعابێکی گەورە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ڕوویدا لەلایەن جەریانی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، ئەوەی کە مابووینەوە کەمایەتی بووین، بەڵام حەق بە ئێمە بوو.

**کاک برایم عەلیزادە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ کە ئێوە بەرنامە و پرۆژەتان نییە.**

- بە باوەڕی من بەشێک لە ڕەخنەکە ڕاستە. ئەویش ئەوەیە کە تەنها قالب نییە. یانی ئەگەر ئێمە تەنیا هەر لەسەر قالب پێداگرین لەوانەیە هیچ خزمەتێکمان نەکردبێ بەو بزووتنەوەیە. ئەو کۆمەڵەیەی کە کاتی خۆی من لە بەردی بناغەیەوە تێیدا بووم، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بەو ئاکامە بگەم کە خودی ئەو کۆمەڵەیەش لە ئوسول و بیر و بۆچوونی خۆ لائەدا و ئەبێ بە شتێکی تر، من وەک ئینسانێکی زیندوو، ئینسانێک کە هەوڵ ئەدەم بۆ ئەوەی شتی تازە وەربگرم و شتی تازە بهێنمەگۆڕێ جێی خۆیەتی ئەو قالبەش بشکێنم. جێی خۆیەتی قالبێکی تر دروست بکەم. هیچ قالبێک پیرۆز نییە. ئەمە تا ئێرە ڕاستە. بەڵام ئەوەی کە ئێمە هیچ بەرنامەیەکمان نەبووە، وا نییە. ئێمە لەمەوبەدوا شتەکانی خۆمان بە ڕوونتر باس دەکەین کە سەرەتاکانی لە کۆنگرەی 12دا پەیدا بوون.

**هاوڕێیانی ئێوە زۆر جار باسی نەبوونی مەجال و بوونی فشار لە حیزبی کۆمۆنیست بۆسەر ئێوە دەکەن. ئەمە ڕاستە؟**

- شایەد باشتر بێ لەگەڵ خۆیان موساحیبە بکەن. بەڵام لە ڕوانگەی منەوە بۆچوونێک کە مانع دروست دەکا یان فەزایەک دروست دەکا، تەپوتۆزێک دروست دەکا لەنێو کۆنگرە یان هەر

شوێنێکی تر کە قسەکانی تۆ بە گوێی بیسەر نەگا هەڵەیە. ئەم بۆچوونە لە تاریخی بزووتنەوەی چەپیش لە دنیادا زۆری تێدایە کە کەسانێک بوون کە هەوڵیان دا بۆ ئەوەی کە بۆچوونەکان بڵاونەبنەوە.

**ئێوە هەر لەو نامەیەدا دەنووسن حیزبی کۆمۆنیست تەنیا تابلۆیەکە و بەس. ئێستایش وا دەڵێن؟**

- ئەمە تەنیا قسەی ئێمە نییە، بەشێک لە کادرەکانی ئێستای ڕێبەریی حیزبیش هەر ئەوە دەڵێن.

**ئەگەر ئەمە هەر تابلۆ بێ، چ سوودێکی هەیە؟**

- ئەوانەی کە دیفاع لەمە دەکەن دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

**چ ئالترناتیڤێکت بۆ ئەو تابلۆیە هەیە؟ ئەو کۆمەڵەی داوای دەکەی چ کۆمەڵەیەکە؟**

- ئەو کۆمەڵەی ئێمە داوای دەکەین کۆمەڵەیەکە لەسەر بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵە کە عیبارەتە لە ئاگاکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و هەوڵدان بۆ یەکخستنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئەوەی کە مەربوت دەبێتەوە بە کوردستان بریتییە لەو دوو قاچەی کە کۆمەڵە لەسەر ئەوە بوو بە کۆمەڵەیەکی جەماوەری کە قاچی یەکەمیان عیبارەتە لە بەشداریکردن و هیدایەتکردنی تێکۆشان و هەوڵدان بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە مانا چینایەتییەکەی و قاچێکیشی بریتییە لە بەشداریکردن و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردن و بەسەرکەوتووگەیاندنی بزووتنەوەی میللی کە لە کوردستاندا هەیە. بەڵام لە ڕوانگەی چەپ و کۆمۆنیستەوە.

**باشە ئەو کۆمەڵەی ئێستا باسی دەکەی هەر ئەو کۆمەڵەیە کە دوو دەیە لەمەوپێش هاتەنێو دنیای سیاسەتەوە؟**

- ئەو کۆمەڵەیەی کە دوو دەیە لەمەوپێش هاتەنێو دنیای سیاسەتەوە کۆمەڵەیەکی ساوا بوو. کۆمەڵەیەک بوو کە شەفافیەتی زیاتری هەبوو. 30 ساڵ، 37 ساڵ لەوە لای داوە. جێی خۆیەتی کە ئێمە لێکدانەوەیەکی جامیع تر لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان پێشکەش بکەین و ئێستاش ئەو کۆمەڵەیە موتوربە بکەین لەسەر وەزعیەتی ئێستا.

**یانی تو پێت وایە ئەو کۆمەڵەی دوێنێ وەڵامدەری ئێستای کۆمەڵگەی کوردی دەبێ لە ئێراندا؟**

- ئەو کۆمەڵە بە دیدی نوێیەوە، بە سیاسەتی نوێیەوە و بە بەرنامەی نوێیەوە، بەڵێ.

**ئێوە تواناییتان هەیە ئەم گۆڕانکاریانە لە کۆمەڵەدا پێک بێنن؟**

- ئەگەر ئێمە وەک کۆمەڵەیەک، کە ناسراوە بە چەپی ڕادیکال لە کوردستان، ئەو کارە نەکەین کێ دەیکا؟

**کەواتە ئەو کۆمەڵەی تۆ باسی دەکەی تا ئێستا لە کوردستانی ئێراندا بوونی نییە؟**

- ئەگەر ئەوەم لێ قبووڵ بکەی ئەو کۆمەڵەیە کە تەنیا چەپی ڕادیکالی کوردستانە، ئەوە ئێستا لە حاڵی حازردا تەنیا لە کۆمەڵەدا خۆی نیشاندەدا.

**ئەوەی کە بە ناوی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناسراوە؟**

- غەیری ئەوە هیچ کۆمەڵەیەکی دیکە نییە.

**کەواتە ئێوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەرەوەی ئەم پێناسە دادەنێن؟**
- سیاسەتەکانی ئەوان و بۆچوونەکانی ئەوان ئەوە نیشان نادا کە ئەوان هێشتا وەفادار مابێتن بە بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵە. ئەو بنەما فیکرییانە کە هێندێ ئوسولی تێدایە و نەگۆڕن. ئەویش بریتییە لە دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار لە کوردستان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی. ئەو سیاسەتانەی ئەوان ئەوە پێشان نادا.

**بۆ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵەیەکی ئەوتۆ پێت وا نییە زۆر درەنگ دەستبەکار بوون؟**
- لەوانەیە درەنگ دەستبەکار بووبێتین. بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان لەبەردەستماندایە. ئێمەش هەوڵدەدەن سیاسەتی خۆمان کە وەڵامدەری نیازی کۆمەڵایەتی بێ لە کوردستاندا ڕۆشن بکەینەوە. دروست ئەو کارەی کە کاتی خۆی کردمان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە.

**باشە ئەگەر ئەم کارەی ئێوە سەربگرێ، ئەمە دروستکردنی کۆمەڵەی سێیەم نییە؟**
- ئەگەر بارودۆخ بەرەو ئەوە بچێ کە کۆمەڵەی سێیەم دروست ببێ ئەوە لەدەست ئێمەدا نییە. ئێمە تا ئەو جێگایەی بۆمان بکرێ هەوڵی خۆمان دەدەین کە شتی وا ڕوونەدا.

**ئێوە کەی بەڕەسمی داواکانتان لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا دەهێننەگۆڕێ؟**

- ئێمە هەمیشە لەنێو هەموو کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیدا هەوڵمانداوە لەسەر هەموو سیاسەتەکانی کۆمەڵە نەزەراتی خۆمان باس بکەین.

**باشە بۆ لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبی کۆمۆنیستدا مەج‡لی قسەکردنتان پێ نادرێ؟**

- کەس پێشی پێ نەگرتووین.

**ئێوە لە چی دەترسن کە ناتوانن بۆچوونەکانی خۆتان باس بکەن؟**

- ئێمە ترسمان لە هیچ شتێک نییە. ئێمە تەنیا یەک شتمان وەک بنەمای خۆمان لەبەرچاوگرتووە کە کارێک نەکەین کە لەتوپاربوونی بەرەی چەپ نابەوەخت ڕوو بدا.

**بەڕاستی تیوش پێتوایە حیزبی کۆمۆنیست هەر کۆمەڵەیە؟**

- لە باری تەشکیلاتییەوە من تەشکیلاتێکی تر نابینم لە حیزبی کۆمۆنیستدا.

**کەواتە ئێوە دەتانەوێ تەشکیلاتی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیست بهێننە دەرێ؟**

- قەت بیری ئەوەمان نەکردۆتەوە کە ئەو تەشکیلاتە لە حیزبی کۆمۆنیست بهێنینە دەرێ. ئێمە هەوڵمان ئەوە بووە کە هاوڕێیانمان قانع بکەین کە هەر یەک تەشیکلاتە و ئەویش کۆمەڵەیە.

**ئەوان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ئەم تەشکیلاتە هەر کۆمەڵەیە؟**

- تا ئێستا زۆر کەس بەو قەناعەتە نەگەیشتووە و زۆر کەسیش هەن کە بەو قەناعەتە ناگەن.

**تو پێتوایە ئەو هۆکارانە چن کە لایەنی بەرانبەرتان وا لێدەکا پێ لەسەر مانەوەی حیزبی کۆمۆنیست دابگرن؟**

- دیارە ئەوە دەبێ خۆیان وەڵام بدەنەوە. چۆنکە ئەو ئەحکامەی تا ئێستا داویانە لەسەر ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیست پێویستییەکی سیاسییە و دەبێ بمێنێتەوە بۆ خەڵکی کورد و پێویستە بۆ چینی کرێکار ئەمە تەنیا وەک حوکمێکی غەیرە موستەندە و تیۆرییەکە و ئیسبات ناکرێ. ئێستا ناتوانم بڵێم کۆمەڵە پێویست نییە لە کوردستاندا. لەبەرئەوە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی ئێراندا بەبێ کۆمەڵە و بەبێ جیاکردنەوەی لە کۆمەڵە مانا نادا. ناتوانی ئەوە بکەی، بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا وا نییە. خەڵکیش بە کۆمەڵەوە حیزبی کۆمۆنیست دەناسن. واتە ناسنامەی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان تەنیا کۆمەڵەیە.

**پێت وا نییە مانەوەی زیاتر لە حیزبی کۆمۆنیستدا زەرەبەلێدان بێ لە کۆمەڵە؟**

- من تا ئێستا هەستم بەوە نەکردووە. دیارە لێرەدا مانەوەی ئێمە لەگۆڕێدایە چونکە خەڵکی دیکە وا بیر ناکەنەوە. من پێم وا نییە ئەوە تا ئێستا زەربەی لە کۆمەڵە دابێ.

**ئەم ڕەخنانەی ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیست دەگەڕێنەوە بۆ ناکارایی ئەو حیزبە یان ئەو بارودۆخەی کە لە ناوچەکەدا هاتۆتەپێش؟**

- من پێموایە کاتی خۆی کە ئەم بۆچوونانەمان باس کردوون لە حیزبی کۆمۆنیستدا ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ناوچەکەدا هەر بوونیان نەبووە. پرسیارێک هەیە کە هەر ئینسانێکی ئازادمەنش پێویستە لە خۆی بپرسێ، ئەویش ئەوەیە کە بەرەو کوێ دەچێ؟ بۆیە ئەو بۆچوونانەی ئێمە مێژوویەکی درێژیان هەیە لەو ئاڵوگۆڕانانەدا.

**ئەمە نیشانەی پەشیمانی لەم حیزبە نییە؟**

- بەپێچەوانە، خۆم یەکێک لەو کەسانەم ڕەئیم داوە بە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیست و لە کۆنگرەی دامەزرانەکەشیدا بەشدار بووم و من پێموایە هەوڵێکی دڵسۆزانە و شۆڕشگێڕانەمان دا بۆ ئەوەی هەموو کۆمۆنیستەکان لە حیزبێکدا کۆ بکەینەوە. بەتایبەت لە شەرایەتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر جینایەتی بەسەر خەباتی چەپ لە ئێراندا هێنا و ئێمە هەوڵێکمان دا و زۆر دڵسوزانەش بوو و من لێی پەشیمان نیم و پێموایە کارێکی باشمان کرد. پرسیارەکە ئەوەیە ئەو کارانە کە ئینسان دەیکا هەتاسەر وەک خۆیان دەمێننەوە؟ یانی ڕەنگە تۆ کارێکی باشیش بکەی، بەڵام لە قۆناغێکدا ئەو پرسیار لە خۆت بکەی کە چیت بەسەردێ.

**ڕەخنەت لێ دەگرن کە هەمیشە لە زۆرایەتی ترساوی و زۆر جار دەڵێن موحافیزەکاری و ئەوەش کە تا ئێستا دەستبەکار نەبووی بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانت نیشانەی تەئیدی ئەو قسانە نییە؟**

- ڕاستە، ڕەنگە خەڵک لە بارەی منەوە وا بیر بکەنەوە. بەڵام موحافیزەکاری هەمیشە شتێکی مەنفی نییە و زۆر جار لایەنی باشی هەیە. ئینسان ئەگەر ڕایەکی نابەوەختی مەترەح کرد ڕەنگە بە زەرەر خۆی بشکێتەوە.

**ئەو موحافیزەکارییەی کە بۆخۆیشت قبووڵی دەکەی، نەبووە بە هۆی ئەوە کە پاش ساڵانێک ئێستا ببی بە ڕەخنەگری ئەو تەشکیلاتە؟**

- من لە تەواوی ژیانی سیاسیی خۆمدا ئەو شتانەی کە لەگەڵ بۆچوونی مندا نەهاتوونەتەوە باسم کردووە. بەڵام بۆچی لە دەرەوە باسم نەکردوون؟ دیارە هەوڵمداوە کە یەکێتیی چەپ بپارێزم.

**هەست ناکەی بەرنامەیەک لەپشت پەردەوە هەبێ بۆ حەزفی ئێوە؟**

- هیچ شتێک لەپشتی پەردەوە نەماوە. هەموو ئەو هەوڵانەی کە دراون دەتوانین ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ خودی ئەو کەسانەی کە داویانە باس بکەین و ڕەخنەیان لێ بگرین و بە دید و بۆچوونێکی دۆستانەوە هەوڵ بدەین چارەسەریان بکەین.

**تۆ لە کاتی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستدا لە کوێ بووی؟**

- من لە سەرەتای حیزبی کۆمۆنیستدا ماوەیەک لە ناوچەی جنوبی کوردستان پێشمەرگە بووم. دوایی لە باسەکانی پێوندیدار بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست پێش کۆنگرەی دامەزرانی حیزب لە ناوچەی بۆکان بەشداریم کرد لە پلینۆمی هاوبەشی کۆمیتە مەرکەزی کۆمەڵە و پلینۆمی "اتحاد مبارزان کمونیست" بەشدار بووم و بە هەمووومان هەوڵماندا ئەم حیزبە دابنێین.

**ئەو کەسانەی کە دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیست بوون کێ بوون؟**

- دیارە زۆرن، من ناتوانم ناوی هەموویان بەرم. بەڵام کەسانێک هەبوون وەک مەنسوری حیکمەت، عەبدوڵڵای موهتەدی، ئیبراهیم عەلیزادە، حەمید تەقوایی، ئیرەج ئازەری و مەجموعەیەکی زۆر لە ئەندامانی هەردوو جەریانەکە بوون.

**تۆ چ ڕۆڵێکت هەبوو لە دامەزرانی کۆمەڵەدا؟**

- من شانازی ئەوەم هەبووە کە لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا بەشدار بم.

**دەتوانی بڵێی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کێ بوون؟**

- زۆر بوون، بەڵام خودی کۆمەڵە لە پرۆسەیەکدا پێکهاتووە. هەرچەند لە سەرووی هەموانەوە کاک فوادی مستەفا سوڵتانییە، کاک محەممەد حوسێنی کەریمییە، کاک عەبدوڵڵای موهتەدییە، کاک فاتح شیخ الاسلامییە، کاک موسلح شیخ الاسلامییە، کاک یەدوڵڵا بیگلەرییە و منیش لەگەڵ ئەوان بووم.

**ئەمە ساڵی چەند؟**

- نەتیجەی ئەو پرۆسەیە لە 48دا هەڵگیرسا.

**تۆ هاوڕێیەکی نیزیکی کاک فواد بووی. دەتوانی باسی ئەو تایبەتمەندیانەی بکەی کە تا ئێستا باس نەکراین؟**

- لەسەر کاک فواد زۆر کەس قسە دەکەن و زۆریش نووسراوە. سەختە من قسەیەک بکەم کە کەس نەیکردبێ. بەڵام کاک فواد کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو. ئەوەی کە کردی هەر تەنیا 11 مانگ لە دەرەوە بوو لەدوای زیندان. لەو 11 مانگەدا ئەوەندە تەئسیری دانا کە لە ماوەی دوای

شەهیدبوونی تا ئێستا هەر باسی دەکەن. هەر ئەوەی تۆ باسی دەکەی یان کەسانێک وەک ئێمە کە دەردەکەوین و لە بارەی کاک فوادەوە پرسیار دەکرێ لێمان خودی ئەوە دەبێ زۆر هەڵکەتوو بێ. خۆ زۆر کەس هەبوون کاریان کرد بەڵام وەک کاک فواد نەبوون.

**تۆ زۆر لە کاک فواد نیزیک بووی. دەتوانی بڵێی ڕۆڵی کاک فواد لە داڕشتنی قەتعنامەی هەشت مادەییدا چ بووە؟**

- من لەو دانیشتنەدا بەشدار نەبووم. بەڵام لەنێو ئەو جەمعەی کە تەسویر کراوە نازانم سۆراخی کێ بگرم، غەیری کاک فواد کە دیفاعی لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەژار و فەقیری کوردستان بکا.

**دەکرێ باسی دانیشتەکانی خۆت لەگەڵ هەیئەتی ئەو کاتی دەوڵەت لە کوردستان بکەی؟**

- من بەشدار نەبووم لە هیچ موزاکیرەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا.

**بە هیچ شێوەیەک؟**

- تەنیا لە موزاکیراتی جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب؛ من لەلایەن کاک فوادەوە مەئمور کرابووم بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئەو کۆبوونەوەیە، دەنا من بەشدار نەبووم.

**کاک ساعد، تۆ مێژوویەکت لەنێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەیە. ئەم بەشداریکردنەی تۆ لەنێو یەکێتیدا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- کاتی خۆی بۆ یەکەم جار دوای کارەساتی 1975 بیستمان شۆڕشێکی نوێ لە کوردستانی عێراق بەرپا بۆتەوە و ئێمە وەک تەشکیلاتێک کارمان دەکرد. ئێمە هەوڵماندا بۆ ئەوە کە وەک هەر پەدیدەیەک کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕوودەدا خۆی لێ نیزیک بکەینەوە. ئێمە بە جۆرێک تەعقیبی ئەو شتانەمان دەکرد کە لە کوردستانی عێراق ڕوویاندەدا. کە بیستمان یەکێتی هێزی پێشمەرگەی پێکهێناوە بە دەرفەتمان زانی کە پێوەندی پێوە بگرین. یەکێک لە هاوڕێیانی خۆمان بە ناوی سەعید موعێنی کە لە زیندان هاتەدەرێ مەئموریەتی پێدرا کە بێت بۆنێو یەکێتی و لەگەڵیان پێوەندی بگرێ؛ بە داخێکی گرانەوە کاک خانێ زۆر زوو لەدەستمان چوو. بە شوێن ئەودا هاوڕێیان بڕیاریاندا کە من بچم لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم، دوکتۆر جەعفەر، مەئمور کراین بۆ ئەوەی بچین لە کوردستانی عێراق لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی ئەو کاتی ئەو شۆڕشە پێوەندی بگرین بۆ ئەوەی بڕیار بدەین کە چۆن هەڵسوکەوت بکەین. چەند شت بۆ ئێمە دەرکەوتن، یەکیان خودی بزووتنەوەکە بوو. ئەوی تر ئەوە کە هەستەیەک لەنێو ئەو شۆڕشەدا هەبوو کە پێیان دەگوت کۆمەڵەی مارکسیست- لێنینی. هەستمان بەوە کرد کە بەم ناوە کە بۆ خۆیان دایانناوە لەوانەیە بیر و بۆچوونیان لە ئێمە نیزیک بێ. حەقی خۆمان بوو وەک هەر کۆڕ و کۆمەڵێک بۆ ئەوەی هاوبیرانی خۆمان ببینینەوە و لەوانەیە بتوانن کۆمەکمان بکەن، لێیان نیزیک بووینەوە و پێوەندیمان لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرقەرار کرد.

**بەرپرسیاریتان هەبوو لەنێو یەکێتیدا؟**

- ماوەیەک من لە دەزگای سەرکردایەتی یەکێتی لەلای دۆستی بەڕێز مام جەلال بووم. لەگەڵ ئەوان بووم. هەوڵماندا بۆ ئەوەی چی لەدەستمان دێ بیکەین. دوکتۆر جەعفەرێیشی لێ بوو. ئێمە

لەوێ دەبووین بە پێشمەرگەی یەکێتی و چەکی یەکێتی‌مان پێبوو. دوای ماوەیەک بڕیاریاندا من ببمە مەسئولی پارێزگاریی سەرکردایەتی و هاوڕێ دوکتۆر جەعفەری‌یش بەرپرسیارەتی دەرمانگا و پزیشکی بەئەستۆگرت.

**تۆ وەک ئەندامی یەکێتی مەئموریەتی ئەم حیزبەت بەئەستۆوە نەگرتووە لە کوردستانی ئێراندا؟**

- بۆ مەئموریەتی تایبەتی لەلایەن مام جەلال‌ەوە نێردراوم بۆ قسەکردن لەگەڵ هێندێک کەس کە ئەو کات پێوەندیی هەبووە بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بزووتنەوە لە کوردستانی عێراق.

**بۆ لەنێو یەکێتییدا پێتیان دەگوت مامۆستا برایم؟**

- تەبعەن لە کوردستانی عێراق هەر کەس تەمەنی کەمێک لە سەرووتر بێ پێی دەڵێن مامۆستا. من مامۆستا نەبووم بەڵام ناوی برایمم بۆ خۆم هەڵبژارد. لەبەر بوونی خەفەقان و دیکتاتۆرییەک کە لە زەمانی شادا هەبوو نەدەکرا بە ناوی خۆم کار بکەم. مەترسیی ئەوە هەبوو کە بنەماڵە و کەسەکانی نیزیکم گیانیان بکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە من ناوی برایمم هەڵبژارد بۆ خۆم.

**ئەم ناوە بۆخۆت هەڵتبژارد یان یەکێتیی بۆی دانای؟**

- ئەم ناوە بۆخۆم پێش ئەوەی بچم هەڵمبژارد. ئەوەش هۆیەکی مێژوویی هەیە. جێی خۆیەتی بۆ ڕێزدانان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵیانداوە بۆ فەقیر و زەحمەتکێش یادێک لەوە بکەین. کەسێک هەبوو بە ناوی ئیبراهیم لە بنەماڵەی شێخەکانی شەهبازی کە بە خزمایەتی دەیکرد بە خاڵی باوکم. شەرحی ژیانی ئەوم بیستبوو کە ژیانی خۆی لەپێناو دیفاع لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەژار و فەقیری برسیی دەورانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەدەستدابوو. ئەو یەکێک لەو سێ کەسە بوو کە لە شاری سنە خەباتێکیان دەستپێکردبوو لەدژی بنەماڵەی ئەشرافەکان کە موحتەکری گەنم و ئەو شتانە بوون کاتی خۆی. ئەو سێ کەسە یەکیان شێخ برایم بوو. ئەوی تریان سالار ئەشرەف بوو، ئەوی تریشیان سەید یوونس بوو کە هەرسێک ئەمانە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی نان و ئازادی بەشدار بوون. شێخ برایم دواتر بە دەستی بەکرێگیراوانی دەزگای فیۆدالی ئەوکات تیرۆر دەکرێ. ئەو ناوە وەک ناوی ئینسانێکی تێکۆشەر ڕێزی هەیە بۆم و حەزم کرد ئەم ناوە هەڵبگرم.

**دەڵێن تۆ لە کوردایەتییەوە بەرەو خەباتی کۆمۆنیستی ڕۆیشتووی. ئەمە چۆنە؟**

- ئەو کەسانە کە ئەو قسانە دەکەن نازانم کە کوردایەتیی منیان لە کوێ دیوە؟ بەڵام کوردایەتی بەو مانایە کە من وەک ئینسانێکی کۆمۆنیست هەمیشە پێمخوش بووە کە لە دەوروبەرمدا چی دەگوزەرێ موباریزەم کردووە ئەوەندەی کە لە توانامدا هەبووە، بەتایبەت مەسائیلی کوردستان کە تێیدا گەورە بووم و ژیاوم تێیدا و لە عەینی حاڵدا هەوڵمداوە خزمەتی پێ بکەم بە بزووتنەوەیەک کە هەوڵی نەهیشتنی ستەمی میللییش بووە.

**بگەڕێینەوەسەر حیزبی کۆمۆنیست. پێت وا نییە جیابوونەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ زەربەلێدان بێ لە حیزبی کۆمۆنیست؟**

- من جیابوونەوەی ئەو هاوڕێ قەدیمیانەم پێ شتێکی باش نەبوو. وا بزانم کە زەربەی لە کۆمەڵە دا. کاک عەبدوڵڵا لەگەڵ خوتدا دەڵێ کە هەموو شتێک بە بەرنامە بووە. دیارە ئەو نەقشەی خۆی

هەبوو، بەڵام خەڵکێکی تر هەبوون کە پێیان وا بوو ئەو خەریکە کۆمەڵە لەسەر بنەما فیکرییە ئەساسییەکانی کۆمەڵە ساغ دەکاتەوە. ئەمە دوو بۆچوونی جیاواز بوون.

**ئەوەندە پێوەندیی بە ڕەخنەگرتنی ئەوان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بێ، پێتان وا نییە ئەمە زەمینەیەکی پێکهێناوە بۆ ئێوەش کە هەمان ڕەخنەی ئەوان لە حیزبی کۆمۆنیست لەلایەن ئێوەشەوە دووپات بێتەوە؟**

- نا! چونکە هێشتا ڕێبەرانی ئەو خەتە دیفاعیان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکرد. ئەم فیکرەی ئێمە لەنێو کۆمەڵەدا هەبوو.

**کەواتە ڕەخنەی ئێوە لەگەڵ ڕەخنەی ئەوان لە حیزبی کۆمۆنیست جیاوازی هەیە؟**

- بە تەئکید جیاوازی هەیە. چونکە ئەو خەتەی ئەوان تەعقیبی دەکەن لەگەڵ ئەو خەتەی ئێمە جیاوازی هەیە.

**واتە تۆ لە ئەوەدا نیت کە ئەوان ناویاننا پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە؟**

- ئەوان ئەو ناوەیان بۆ خۆیان هەڵبژارد، بەڵام لە جیهەتێکی دیکەوە بۆی چوون.

**ئەم ساغکردنەوەی ئێوَە چۆن دەبێ؟**

- ئێمە ئەوەمان تا ئێستا مەترەح نەکردووە کە بمانەوێ کۆمەڵە ساغ بکەینەوە. دەمانەوێ نەزەراتی خۆمان باس بکەین.

**پێموایە لە قسەکردندا زۆر شەفاف نیت، وایە؟**

- ڕەنگە جاری خۆم زۆر شەفاف نەبم. لەوانەشە ئەوە بێ کە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین تا سەرنجی هاوفکرانی خۆمان بۆلای مەسەلەیەک ڕاکێشین. چونکە خەڵک لە یەک شت بێزارە ئەویش ئەوەیە هەر کەس قسەیەکی کرد یان شتێکی کرد یان خیلافی جەریانی ئاو مەلەی کردووە خێرا ئەوە پیشاندراوە کە خەیاڵی ئینشعابی هەیە یان شتێک جیا بکاتەوە. ئەمە لەنێو جەماوەردا ڕەنگدانەوەی باشی نەبووە. خۆت دەزانی لەنێو خەڵکی کورددا وەحدەتتەڵەبی هەیە. ئەم وەحدەتتەڵەبییەش لەبەر بوونی دیکتاتۆریی مەزهەبی لە ئێراندایە. بۆیە ئەو جودابوونەوە ئەو هەستە لە خەڵکدا پێکدێنێ کە تەزعیف دەبن. بۆیە ئێمە دەبێ ئەو شتانە لەبەرچاو بگرین.

**باشە ئەمە دروست، بەڵام کەلتوری ئەم حیزبە مەجالی دەربڕینی ئەم بۆچوونانەی ئێوە دەدا؟**

- من هەموو هەوڵی خۆم وەک خۆم بەکاردێنم بۆ ئەوە جارێکی تر لە کۆمەڵەدا هیچ ئینشعابێک ڕوو نەدا. هەوڵیشدەدەم بۆ ئەوەی کە لە هەر ڕێگایەکەوە بۆم بکرێ نەزەراتی خۆم باس بکەم و دەیشزانم پێویستە ڕوون تر و ئاشکرا تر و شەفاف تر قسەی لێ بکەم.

| ساعید وەتەندووست لە چەند دێڕێکدا: |
| --- |
| ▪ خەڵکی شاری سنەیە<br>▪ دەرچووی زانکۆی فەننیی تاران لە بواری موهەندیسی ڕاه و ساختمان |

- یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیە
- یەکێک لە دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە
- ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە)یە
- ماوەیەکی درێژ نوێنەری کۆمەڵە بووە لە دەرەوەی وڵات